کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-8-2007 2:06 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کەمپەینی ناڕەزایی لە دژی هێرشی ئیران و تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان

وەك دەزانن ئێستا دەوڵەتی ئێران هێرشێکی ئاشکرای کردۆتە سەر ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان و هەزاران کەس لە کوردی سیڤیل و مەدەنی سەروماڵیان لەدەست داوە و ئاوارەبوونە. لەلایەکی دیکەوە بەهەمانشێوە تورکیاش تۆب بارانی گوندە سنوورییەکان دەکات، ئەو تۆپانەش ماددەیەی کیمیاییان تێدایە و لەسەر ئاستی جیهان بەکارهێنانیان قەدەغەیە، بۆیە لێرەدا دووبارەبوونەوەیەکی دیکەی هەڵەبجە لەسەدەی بیست ویەکەم بەچاوی خۆمان دەبینیین.

ئەو هێرشە زۆر بەڕوونی دیارە بەزاندن و پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتیە کە پێویستە سەروەری و سنووری هەموو دەوڵەتێك پارێزراوبێ و بۆ هیچ دەوڵەتێکی دیکە نیە بیبەزێنێ. دواتر تائێستا حکومەتی ناوەندی فیدراڵی ئێراق هیچ هەڵوێستێکی پراکتیکی و تەڤگەری نییە لە بەرامبەر ئەو هێرشانەدا، ئەمەش ڕەوایەتی دەدات بەبەردەوامێتی ئەو کارەی ئەو دوو دەوڵەتە و دەرئەنجامەماڵوێرانکەرەکانی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە.

ئێمە وەکو کۆمەڵێك لە گەنجانی ڕۆشنبیری هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەنگی ناڕەزایی خۆمان بەرزدەکەینەوە و هەڵمەتێکی گەورە بۆ ڕاگرتن و پرۆتێستۆی ئەو هێرشانە دەست پێدەکەین و داوا لایەن و جڤاتی مەدەنی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە هەڵوێست وەرگرن بەرامبەر ئەو ڕووداوانە. دوایین شت کە دەمانەوێ بەبیر مرۆڤایەتی بهێنینەوە ئەوەیە کە دوای ڕۆژێکی دیکە یادی ڕۆژی ئاشتی جیهانیە بەڵام کوردستان لەو ڕۆژانەدا تۆب باران دەکرێ.

بەشیك لە ئەندامانی دەستەی ڕێکخەری کەپەین:

1- خالید احمد علی، نوێنەری ڕۆژنامەنووسانی بێ ڕۆژنامە/ ڕۆژئاوا. khaldall@yahoo. com
2- میرحاج مستەفا میرحاج، ڕۆژنامەنووس، بەرێوەبەڕێوەبەری هەم دەم گروپ/ باکوور. mirhacmistefa@hotmail. com
3- مەولود عەلی جەلال (ئافەند)، ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ/ ڕۆژهەلات. mawlodafand@gmail. com
4- هێژا عوسمان، ئەکادیمی/ باشوور. Hezhaosman83@yahoo. com

هەولێر
2007/8/31

تێبینی: داوا لەهەموو ڕاگەیاندنەکان دەکەین کە ئەو ئاگایی نامەیە بڵاوبکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.